لە سلێمانی کەسێک دەستگیرکرا کە بە چەندین تۆمەت داواکرابوو

مەفرەزەکانی نوسینگەی نەهێشتنی تاوانی پۆلیسی سلێمانی تۆمەتباری دزینی ئوتۆمبێل دەستگیرکرد کە 11 بەیاری دەستگیرکردنی هەیە.

بەوبۆنەیەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ئەمە چوارشەممە ڕایگەیاندووە، دوای ئەوەی هێزەکانی پۆلیس چاودێرییان خستەسەر تۆمەتبارێک کە لەچەند بنکەیەکی پۆلیس داواکراو بوو سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە، توانرا لەلایەن مەفرەزەکانی نوسینگەی نەهێشتنی تاوانی دزینی ئوتۆمبێلەوە دەستگیربکرێت.

تۆمەتبار (هـ، ع، ع) لەدایکبووی 1990 لەچەند بنکەیەکی پۆلیس سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە و داواکراوە بەپێی ماددەکانی 444، 446، 289 و 298 لەیاسای سزادانی عێراق.